پێشەکی شەرح و لێکدانەوەی عەقیدە طحاوی ئاڵقەی یەکەم (2)

گرنگی زانینی بنەماکانی ئایین

قَالَ المُصَفِّ رَحِمَهُ الله: –

بسم الله الرحمن الرحيم حسبي الله ونعم الوكيل، وبه نستعين، الْحَمْدُ لِلَّهِ، نستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن سيدنا محمداً عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا. أما بعـــــد:

فإنه لما كَانَ علم أصول الدين أشرف العلوم، إذ شرف العلم بشرف المعلوم، وهو الفقه الأكبر بالنسبة إلى فقه الفروع، ولهذا سمى الإمام أبو حنيفة رحمة الله عليه ما قاله وجمعه في أوراق من أصول الدين: الفقه الأكبر وحاجة العباد إليه فوق كل حاجة، وضرورتهم إليه فوق كل ضرورة، لأنه لا حياة للقلوب، ولا نعيم ولا طمأنينة، إلا بأن تعرف ربها ومعبودها وفاطرها، بأسمائه وصفاته وأفعاله، ويكون مع ذلك كله أحب إليها مما سواه، ويكون سعيها فيما يقربها إليه دون غيره من سائر خلقه] إ هـــ. **[لە پاشاندا: لە بەر ئەوەی کە زانیاری بنەماو ئوسوڵی دین بە رێزترینی زانیاریەکانە، چون رێزی زانست بە رێزی زانراوەکەوەیە، وە ئەو زانیاری و ورد بوونەوەی هەرە گەورەیە بە بەراوودر لە فیقە و زانیاری بەشەکان، لە بەر ئەوە پێشەوا أبو حنيفة ڕەحمە تی خوای لێ بێ ئەوەی کە وتوویە تی و کۆی کردۆتەوە لە چە ند پەڕەیەکدا سەبارەت بە ئوسوڵی دین ناوی ناوە بە فیقهی هەرەگەورە - الفقه الأكبر- وە خواستی بەندەکان پێی لە سەرو هەموو خواستێکەوەیە، وە پێویستی بەندەکانی پێی لە سەروو هەموو پێویستیەکەوەیە، چونکە بە ڕاستی هیچ ژیانێك نیە بۆ دڵەکان و هیچ هێمنی و ئایایش و خۆشیەك نیە، تەنها بەوە نەبێت کە پەروەردگارو پە رستراوو خۆ ڕشکی خۆی بنا سێت، بە ناوو سیفات و کردارەکانیەوە، وە لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا لە هەموو شتێکی تری خۆ شتر بوێ، وە هەوڵ و کۆ ششی لەوەدا بێ کە نزیکی ئەکاتەوە لێی بێجگە لەو لە هەموو دروستکراوەکانیدا]** اهـ.

شەرح و ڕاڤەکردن

دانەر ڕەحمە تی خوای لێ بێ کتێبەکەی بەم وتارە دە ست پێ کردووە کە پێی ئەوتر ێت –خوتبەی پێویستی-خطبة الحاجة-کە پێغەمبەر صلىالله عيه وسلم -وەك صەحیح و دروست لێیەوە وەرگیراوە- وتەو گوفتارەکانی پێ دەست پێ کردووە، ئەمەش پەیڕەوێکی پێغەمبەرەو پێویستە لە سەر ئێمەش کە بەردەوام بەو شێوەیە وتارەکانمانی پێ دەست پێ بکەین.

هەر وتارو خوتبەیەك شەهادەتی تیا نەبێت ئەوە هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە وەك دەستی قرتاو وایە، هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە: **{كل أمر ذي بال لا يبدأ فيه ببسم الله فهو أقطع}**رواه السبكي في طبقات الشافعية (1 / 6) ، وذكره الشيخ الألباني في إرواء الغليل (1 /29) (3)، وهو عند أبي داود (261/4)، والنسائي في الكبرى (127/6)، وابن ماجه (610/1)، وأحمد (2/ 359)، والدارقطني (229/1)، وابن حبان (173/1- 174)، بلفظ (كل أمر ذي بال لا يبدأ فيها بالحمد لله فهو أجذم) **أو (فهو أبتر)** {هەر کارێکی خاوەن شان و پلە ئەگەر بە ناوی خوا دەست پێ نەکرێت ئەو بڕاوەیە یان قرتاوە (واتە بەرکەتی نیە)} هەرچەندە ئەم فەرموودەیە لە ڕووی ڕشتەکەیەوە-اسناد- لاوازی تیایە، بەڵام لە وتارو گوفتارەکانی پێغەمبەردا صلىالله عليه وسلم جێگیرو سەلماوە کە بەردەوام بە ناوی خوای دەستی بە وتارەکانی کردووە، هەروەها لە نامەکانیدا بو پاشاکان بە ناوی خوا دەستی پێ کردووە.

سەرەتا بە یادی خوای گەورە سبحانەوتعالی، یان بە سوپاسگوزاری و حەمدو سەنا، یان بە ناوی خوا، یان بە –بخطبة الحاجة-، ئەمانە سوننەت و پەیڕەوێکی جێگیرن لە پێغەمبەری خواوە و نابێت لێی لابدەین و بەشتانێکی تر وتارو گوفتارەکانمان بکەینەوە، وە دانەریش ڕەحمەتی خوای لێبێ هەر بەو شێوەیە بە یادی خوا دەستی پێکردووە.

ئینجا لە پاشاندا وتی: "أما بعد" " ئینجا لە پاشاندا"، ئەمەش هەروەها سوننەت و پەیڕەوی پێغەمبەر بووە صلىاللە عـ لیە و سلم لە وتارو نامەو نوو سراوەکانیدا، دوای ئەوەی کە ناوی خوای ئەهێناو سوپاسگوزاری پەروەردگاری ئەکرد وحەمدو سەنای خوای ئەکرد ئەیفەرموو: "أ ما بعد" ئینـ جا دە ستی ئەکردە ئەو بابەتەی کە مەبەستی بوو.

زانیاری و علیمی ئوصوڵ و بنەماکانی ئایین پیرۆزترین زانست و زانیاریەکە کە مرۆڤ فێری بێت؛ چونکە ڕێزی هەر شتێك بە ڕێزی ئەو بابەتەوە یە کە لـ ێی ئەدوێ، بابە تی زانیـ ست و زانیاری تەوحیدو یەکتاپەر ستیش لە نا سینی زات و سیفاتەکانی خوای گەورە ئەدوێ، چی پێوەیـستە لە گەورە یی و حەمدو پێاهەڵدا نی ڕووی ئەو زا تە بەرزو گەورە یە، هەروە ها چی ما فی ئەو زاتە یە لە پەرستن و پاڕانەوەو ما فی ئەو پەروەردگارە بە سەر بەندەکانیەوە.

بەمەش پەی بە مە سەلەیەکی گر نگ دەبە ین و دەیخەیـ نە ڕوو کە پێویـ ستە بە سەریدا نەڕۆ ین- هەرچەندە لای زۆربەمان زانراووە و تێی گەیشتو ین- ئەوەش گومان درو ستکردنە لە خۆیندن و فێربوو نی زانیاریەکا نی یەکتاپەر ستی و بیروباوەڕو و بنچینەکا نی د ین، قـ سەی ئەوەی کە فێربو نی ئەم جۆرە زانیاریانە پێویست نیەو کارێکی گرنگ نیە.

وەڵا می ئەوا نە هەر وەك چـ ۆن دانەر وەڵا می داونەتەوە لە سەرەتادا ئەوە یە کە ڕێزو بەرزی هەر زانیارییەك بە ڕێزی ئەو بابەتەوە یە کە فێری دەبیت و لێی دەدوێیت، فیقە ورد بوونەوە و زانیاری هەرە گەورە بریتیە لە زانین و عیلم بە خوای گەورە سبحانەوتعالی، کە گەورەترینی زانیاری و مەبەستەکانە، بەڕێزترین و پیرۆزترین کارێکە کە ئیمانداران هەوڵی بۆ ئەدەن بە گشتی، بۆ هیچ کەسێك نیە کە لە شانی ئەو زانیار یە کەم بکاتەوە یان گومانداری بکات، یان بڵێ: هـ ێچ پێویـ ست ناکات فێری تەوحیدو یەکتاپەرستی ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە ببین!!

خۆ ئەگەر کەسێك وتی: هیچ پێویست نیە خەڵکی فێری نوێژو ڕۆژوو زەکات ببن، ئەوە هەموو مسوڵمانان بە گشتی بە گژیا دەچنەوەو بە ڕویا دەوەستن، دەی چۆن ئەبێت بەرامبەر بە تەوحید بەو شێوەیە بین! کە لە نوێژوو ڕۆژووش گەورەترە؛ چونکە نا سینی زا تی خوا سبحانە وتعالی گەورەترە لە نا سینی مافەکا نی بە سەرمانەوە، بیروباوەڕمان بەو زا تە گەورەترە لە کردەوەکانما نە بۆی، هەروەك چـ ۆن لە قسەی دانەردا ڕەحمە تی خوای لێ بێ با سی دێ تە پێشمان کە ئەفەرمو ێت: قورئان هەمووی یەکتاپەر ستیە، گەورەتر ین بابەتێك کە لە قورئاندا هەبێت ئەوە یە کە پەیوەندی بە تەوحیدو یەکتاپەر ستی خواوە هە یە سبحانە وتعالی.

وە پێغەمبەر صلىاللە عـلیە و سلم ماوەیە کی زۆری بە سەر برد لە مەککەدا لە فێرکرد نی تەوحـید و یەکتاپەر ستی بە هاوەڵەکا نی، ئینـ جا لە مەدینەشدا بەردەوام ئەو ئایەتانەی کە ئەهاتـ نە خوارەوە لە بواری یا ساو فەرمانەکاندا بە یەکتاپەر ستیەوە پەیوە ست بوون و ڕا ستەوخۆ لە گەڵ بیروباوەڕدا تێکەڵاو بوون: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة:183]. {ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لە سەر نوسراوە هەروەك لە سەر ئەوانەی پێش ئێوەی نوسراوە، تاکو پارێزکاربن و تەقوای خواتان هەبێت}..

وە بەم شێوەیەش جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوادا کە فەرما نی پێدراوە و لە سەر مـسوڵمان بە پێویـست گەڕاوە بۆ ئەوە یە تا کو وشەی خوا سەربکەوێت و تەوحیدو یەکتاپەر ستی سەقامگیر ببـ ێت، وە لە سەرەتاکانی جیهاد کە ڕ ێێ پێدراوە و پێویـ ست کراوە شەڕو جەنـ گی خاوەنا نی کتێ بە کە دە ڵێن: خوا سێیەمی سێیەمانە (إن الله ثالث ثلاثة)، یان دەڵێن، خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە.

خوای گەورە لە سورەتی تەوبەدا فەرمانی داوە بە شەڕکردنیان، ئەمەش ئەرك و واجبێکی هەربوو حەتمیە لە سەر مسوڵمانان هەروەك شەڕی ئەو هاوەڵگیرانەی کە پەکخەر –معطل- ی سیفاتەکانی خوای گەورەن و باوەڕیان پێی نیە، جا هەر کەسێك خوای ناسی بەڵام کۆمەڵێ سیفەتی دایە پاڵ خوای گەورە کە بۆ ئەو نابـ ێت شایە نی خوای گەورە نین، یان هاوەڵ و هاوبەش و هاوشان یان نەوەو کوڕی بۆ بڕیاردا، یان لە

سیفاتەکانی خوای گەورەدا بە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی شیرك و هاوەڵگیری هاوەڵی بڕیار دا، ئەوە شەڕی لە گەڵ ئەکر یێت هەروەك چ ۆن شەڕ لە گەڵ موشر یك و هاوەڵگیرێکدا ئەکر یێت کە سیفاتەکانی خوا سبحانەوتعالی پەك دەخات و نایانسەلمێنێ.

قسە لە سەر کتێبی (الفقه الأکبر)

وە لێرەوە پێویستە کە لە مەسەلەی سەلماندنی کتێبی (الفقه الأکبر) بکۆڵینەوە.

لە ڕاستیدا پێشەوا (ئەبو حەنیفە) ڕەحمەتی خوای لێبێ هەندێ کتێبی خراوەتە پاڵ کە نە ئەو نووسیونی و نە داینااوون، بەڵکو وەك دەڕئەکەوێت یەکێك لە پێشەوایانی پەیڕەوی حەنەفی نووسیونی کە ناو ئەبرێت بە (أبي مطيع البلخي الحكم بن عبد الله) و پاڵیداونەتە لای ئیمام (ئەبو حەنیفە) ڕەحمەتی خوای لێبێ.

گومان لەوەدا نیە کە ئەو کتێبە زۆرێك لە هەق و شتی باشی تێدایە، بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کە خاوەنەکەی ئیمام (ئەبو حەنیفە) نیە، جا کتێبنامە (رسالة)ي (العالم والمتعلم)، وە کتێبنامەی (الفقه الأكبر) هەرچەندە زۆربەی بابەتەکانی ڕاست و دروستن، وە وا شەرح و ڕاقەکراوە کە گوایا دانراوی ئیمام (ئەبو حەنیفە)یە، بەڵام بۆ ئەوەی لە لایەنی زانستیەوە دڵنیابە خش بین بۆ کتێبە کە ئەڵێین کە ئەم کتێبە دانراوی ئیمام ئەبو حەنیفە) نیە.

وە (الحكم) خۆشی لاوازە، بەڵکو تۆمەتبار کراوە بەوەی کە فەرموودەی داناوە.

جا بە هۆی ئەوەی کە نوو سەرەکە حەنەفیە -زۆربەی مسوڵمانانیش لەو کاتەدا حەنە فی بوون و بە ڵکو دەوڵەتیش هەر لە سەر پەیڕەوی حەنە فی بووە- دانەر وا هێناویە تی و با سی کردووە کە خاوە نی کتێبی (الفقه الأكبر) ئیمام (ئەبو حەنیفە)یە، وە لەوانەشە بڵێن الحكم کە (أبو مطيع البلخي)یە خاوەن سیقەو متمانە پێکراوە.

پێیان دەڵێین: ئەگەر شتێکتان دا یە پاڵ ئەو پێشەوا یە سەیری ئەوە بکەن کە چی ئە ڵێت، وە باوەڕ مەکەن بەو عەقیدەو بیروباوەڕە داهێنراوو بیدعیانەی کە لە سەدەی چوارەمەوە لە سەر دە ستی (أبي منصور الماتريدي) یان لە سەر دەستی (النسفي) و ئەوانی تریش کە هاوشێوەیان بوون هاتوون و شتانێکیان لە پەیڕەوی حەنەفیدا داهێناوە لە بواری عەقیدەدا کە ئیمام (ئەبو حەنیفە) بەو شێوە یە نەبووەو باوەڕی وا نەبووە.

ژیانەوەی دڵان تەنها بە ناسین و خۆشەویستی خوای گەورە دەبێت.

قسەی دانەر کە دەفەرموێت: [وحاجة العباد إليه فوق كل حاجة وضرورة هم...] [پێویستی بەندەکان بەو لە سەرو هەموو داواکاری و پێویستیەکیانەوەیە ...] هەتا کۆتایی دەستەواژەکە.

ئەم دە ستەواژەیە ناونیشانی دەروازەیە کە کە ئیمام (ابن القيم)ڕەحمە تی خوای لێبێ لە کتێبی (إغاثة اللهفان)دا هێناویە تی و دەفەرموێ: [أنه لا حياة للقلب ولا طمأنينة ولا نعيم إلا أن يكون الله سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى هو معبوده وإلهه] [دڵ هیچ ژیان و خۆشی و نیعمەتێك بە خۆیەوە نابینێت مەگەر لە پەرستن و ملکەچی و هاوار بۆ خوای گەورەدا نەبێت] دانەر یش ڕەحمە تی خوای لێ بێ ئەم چە ند دێڕەی لەو کتێبەدا کورت کردۆتەوە.

گرفتی مرۆڤی هاوچەرخ

سەدەی بیستەم لە گشت سەدەکانی تری ڕابوردوو ئالۆزی و پەرتەوازە یی و دۆش دامان و ونبونی بە خۆیەوە بینیوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، زانراویشە لە هەر سەردەمێکدا ئەوەی ئەتوانێت لێکدانەوە لە واقع بدات بە شێوەیەکی هەق و ڕاستی و تەواوو لە هەر واقعێکدا یان لە هەر کۆمەڵگایەکدا-جا ئەم واقعە هەق بێت یان ناهەق لە لایەنی بیروباوەڕو هەڵس و کەوتەوە- ئەو کەسانەنە کە خاوەن ورد بینی و هەستێکی قوڵ و دوربین بن، ئەوانیش کە هۆنەران و ئەدیب و ڕۆشنبیران و هاووێنەکانیانن

ئەدیب و شاعیرەکانی ئەورو پا چی ئە لێن دەربارەی ئەوەی کە مرۆڤ هیچ ژیان و بەختەوەریە کی ڕاستەقینەی نیە، هیچ خۆشی و نیعەمەتێك تەواو بەرجەستە نیە، تاکو پەروەردگاری نەناسێت و ڕوو بە ئەو هەنگاو نەنێ سبحانەوتعالی؟!!

بە جۆرێك لێکدانەوەیان لە ژیان و بیروبۆچونی خۆیان کردووە کە بەڵگەیە لە سەر ون بوون و تیاچوون و گومان و دودڵیان، جێی داخیە شە کە ئە ڵێم: کە هەندێ لە مە سوڵمانەکانیش هەمان ڕێگەی چەو تی ئەو شاعیرو ئەدیبە بێ مەبەستانەیان گرتووە لە پێناسەیاندا بۆ مرۆڤ و ئاواتەکانی لەم سەر زەویەدا و وەك ئەوان لە دەریای بێباوەڕی و بێ مەبەستیدا ون بوون، لە بەر ئەوە ئەبینین زۆرێك لە دیوانە شیعریەکان هیچیان لە بارەدا نیە جگە لەوە نەبێت کە بەڵگەن لە سەر ون بوون و سەرلێشێواوی خاوەنەکەیان.

بە نموونە شاعیرێکی نەسرانی گاور ئەڵێت:

جئت لا أدري مـــن أين؟! ولكـــني أتيت

دەڵێ: من نازانم لە کوێیەوە هاتووم؟! هەر ئەوەندە ئەزانم کە هاتووم و لە ژیاندا هەم و ئەژیم، ئیتر نازانم لە کوێیەوە هاتووم و کێ دروستی کردووم!!

وە جگە لەو یش زۆر ێك لە شاعیرو ئەدیبەکان هەن کە دیوانی شیعریان نو سیوەو هەمووی بریتیە لە ون بوون و وێڵ بوون لە دەریای ئەم دنیایەداو شیعرەکانیان پڕیە تی لە گومان و دوودڵی و بێ مەبەستی لە ژیانی دنیاداو نازانن چۆن و بۆچی و لە بەرچی هاتوونەتە بوون و هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و بێزاریدا دەژین.

بەڵام سوێند بە خوا ئێمە ئەزانین کە هۆی ئەمانە هەمووی بێباوەڕیە بە خوای پەروەردگار، وە ئەوانە ئەگەر خوایان بە تاك و تەنها بنا سیایەو ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ببونایە، ئاوە ها لە دەریای گومان و دودڵیدا نوقم نەئەبوون و سەریان لێ نەئەشێوا، ئەوانە ئەگەر کتێبی خوایان بخوێندایەتەوە بەو شێوەیە لە گەڕان بە دوای ڕاستیدا تووشی دڵەڕاوکێ و ئازاری دەروونی نەئەبوون، خۆشیان و خەڵکیشیان نەئەخستە کەندەڵان و گومڕایان نەئەکردن، لە شاعیرانی مسوڵمان نەمانئەبیست کە بنووسێ:

ومضى عمري ولا أعرف دربي أبداً

تەمەنم ڕۆشت و تەواو بوو نەمزانی ڕێگام بەرەو کوێیەوە هەنگاوەکانم بەرەو کوێ ئەنێم.

بەڵام ئێمە سوێند بە خوا ئەزانین بەرەو کۆی ئەڕۆین و چارەنووسمان چیە، ئاوە ها لە دەریای گومان و دوودڵی و دڵەڕاو کێی ئەوانەدا نو قم نەبو ین و ئیمان و باوەڕ دڵما نی ڕۆ شن کردۆتەوە، ئەزان ین کە گەڕانەوەمان بۆ لای پەروەردگارمانە، وە هەر ئەوە دەستورو بەرنامەو واجبەکانی لە سەر پێویست کردووین و شەریعەت ویاسای بۆ داناوین، جا ئەگەر لە سنورەکانی وەستاین و بە تاك و تەنهامان زانی و گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی بووین، ئەوە پاشەڕۆژو چارەنوسمان بەهەشتی بەرین و بەختەوەری و کامەرانی نەبڕاوەی بێ کۆتایە لە دنیاو دواڕۆژیشدا، ئەگەریش سەرپێچیمان کردوو سنوورەکانیمان شکاند ئەوە بێ گومان چارەنو سمان نەگبە تی و نەهامە تی و ژیانێکی پڕ لە بێ ئارامیە لەم دنیایەداو لە دواڕۆژیشدا بەرەو ئاگر خواپەناماان بدات، بەڵام گێژو گەوج و سەرخۆشەکانی دنیا ئەمە نازانن، ئەوانەی بە ژیانی دنیادا ڕۆچوون و مەستی کردوون چارەنو سی خۆیان لە بیرکردوەو دەرەنجام ژیانێکی پڕمەینەت و دور لە ئارامی دەروونی ئەژین.

ئەوتە شاعیرێکی فەرەنسی کە لە گاریگەری لە سەر کۆمەڵگەی فەرەنسیدا لە گەورەترین شاعیرەکانی فەرەنسا ئەژمێررێت ئەمەی ناو ناوە بە دۆش دامان و دڵەڕاوکێی ئەم سەردەمەوە و دەڵێ: "حيرة الانسان المعاصرة"!! "دڵەڕاوکێی مرۆڤی هاوچەرخ "!! ئەم بێ ئاگاو دوور لە خوایا نە وا ئەزا نن هەموو کەس لەم دینایەدا لە دڵەراوکێ و بێ مەبەستیدا ئەژی و مسوڵمانانیش وەک خۆیان لە قەڵەم ئەدەن، کە بە ڕاستی ئێمەش وەک حەیران و بێ مەبەستمان لێ هاتووە؛ چونکە کەمێکمان بە ڕاستی لە حەقیقەت و ناوەڕۆکی ئسلام تێ گەشتو ین و نوێنەرایە تی ئیسلام ئەکە بن، ئیتر وا گومان ئەبەن کە هەر وەک چۆن ئەوا نە هەمیشە لە سزاو ئازارە دەرونیەکاندا ئەژین و ئەتلێنەوە ئێمەش هەر وەک ئەوانین و ژیانمان بەو شێوەیە ئەبەینە سەر.

ئەڵێت: (ومشكلة الإنسَان المعاصرة قضية واحدة، و هي أنه يبحث عن سيد، يبحث عن إله).(گرفت و موشکیلەی مرۆ ڤی هاوچەرخ تەن ها یەک دۆزو گرف تە، ئەوەش ئەوە یە کە لە گەورەیەک ئەگەڕ ێت، لە خوایەک ئەگەڕێت).

یەکەم جار بە گ شتی ئەڵێ لە گەورەیەک ئەگەڕ ێت، بەڵام لە دواییدا دان ئەن ێت بەوەدا کە لە خوایەک ئەگەڕ ێت، ئەڵێت: "لە خوایەک ئەگەڕ ێت" کە ئەمە بە ڕاستی گرفتی مرۆ ڤی هاوچەرخە، وێرانکاری و شەڕی بەردەوام، بۆمبی ناو کی و ئەتۆ می، چارەنوو سی تر سناکی چاوەڕوانکراوی مرۆڤایە تی، مرۆ ڤی هاوچەرخ هەوڵ ئەدات لەم هەموو کێڕاوە دەربازی ببێت بەڵام ناتوانێت، هەر ئەمەیە کە خەڵکی خاوەن هەستە، شاعیرەکان، ئەوانەی دوور ئەڕوانە نە چارەنووس و ئاکا می مرۆ ۆڤ لە ئەنجا می ئەو هەستە ئازاراویانەدا پە نا ئەبە نە بەر ماددەی بێ هۆشکەرو خۆکوژی، بە ڵکو بە هۆ ی ئەوەوە لە ترس و بی می داهاتوو ڕزگاریان ببێ ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش بێ هەست بە هێمنی و ئاسایشی دەروونی بکەن، لە بەر ئەوە ئەبینین خۆشتر ین و ڕازاوەتر ین و پێشکەوتوتر ین ولاتا نی جیهان لە بواری خزمەت و جادەی ڕ ێک و پ ێک و خانوو نهۆ می بەرزو بڵند، ژیانێ کی پڕلە خۆ شی و هێمنی و ئارا می، زۆرتری نی ئەو ولاتانەن کە ڕێژەی خۆکوژی (الانتحار) تیایاندا لە پەرە سەندن و زیادبوندا یە، بۆ؟ لە بەر ئەوەی ئیمان و باوەڕ و نە، هەروەک دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ وتویەتی و (ابن القيم)یش لە (إغاثة اللهفان)دا دەفەرموێت: (لا حياة للقلوب ولا نعيم ولا طمأنينة إلا بأن تعرف ربها ومعبودها وفاطرها) (دڵەکان ژیان بە خۆیانەوە نابینن و هێمنی و خۆشییان نیە تەنها بەوە نەبێت کە خاوەن و پەرستراوەکەیان بنا سن، ئەوە خوایەی کە لە بە فیترە دەروونەکانی بەرەو خۆی بردووە).

سوێند بە خوا مرۆڤ خۆشی و ئیسراحەت و هێمنی دەروونی بە خۆیەوە نابینێت ئەگەر بێ باوەڕبێ و سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە بکات، هەرچەندە پارەو سامان و ژیانی دنیا خڕ کاتەوە زیاتر تەپە تەپ و دڵەڕاوکێ دەروونی ملی ئەگرێت و سەرەنجامیشی هاوارو لە ناوچوونی بێ بڕانەوەی هەتایی ئەبێت لە دواڕۆژدا.

چۆنیەتی ناسینی خوا سبحانه وتعالی

قَالَ المُصنِّفُ رحمه الله تعالى:

[ومن المُحال أن تستقل العقول بمعرفة ذلك وإدراكه عَلَى التفصيل، فاقتضت رحمة العزيز الرحيم أن بعث الرسل به معرفين، وإليه داعين، ولمن أجابهم مبشرين، ولمن خالفهم منذرين وجعل مفتاح دعوتهم، وزبدة رسالتهم معرفة المعبود سبحانه بأسمائه وصفاته وأفعاله، إذ عَلَى هذه المعرفة تبنى مطالب الرسالة كلها من أولها إلى آخرها،ثُمَّ يتبع ذلك أصلان عظيمان:

أحدهما: تعريف الطريق الموصل إليه، وهي شريعته المتضمنة لأمره ونهيه.

والثاني: تعريف السالكين مالهم بعد الوصول إليه من النعيم المقيم.

فأعرفُ النَّاس باللهِ عَزَّوَجَلَّ أتبعهم للطريق الموصل إليه، وأعرفهم بحال السالكين عند القدوم عليه، ولهذا سمى الله ما أنزله على رسوله روحاً، لتوقف الحياة الحقيقة عليه، ونوراً لتوقف الهداية عليه، قَالَ تعالى: ﴿يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾ [غافر:15] وقال تعالى: ﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحاً مِن أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُوراً نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ * صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلا إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الْأُمُورُ﴾ [الشورى: 52-53] فلا روح إلا فيما جَاءَ به الرسول، ولا نور إلا في الاستضاءة به. وسماه الشفاء كما قال تعالى: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدىً وَشِفَاءٌ﴾ [فصلت:44] فهو وإن كَانَ هدىً وشفاءً مطلقاً، لكن لما كَانَ المنتفع بذلك هم المؤمنون خصوا بالذكر. ا. هـ] [مەحاڵە و هەر نابێ کە ژیری خۆی سەربەخۆ بێ لە ناسینی خواو دەرک پێکردنی بە درودرێژی،جا ڕەحمەت و بەزەیی خوای بە دەسەلات و بە بەزەیی خواستی کە پێغەمبەرانی نارد تا پێنا سەی بکەن، وە بانگەوازی بۆ لای بکەن، وە مژدەدە ر بـ ن بۆ ئەوانەی دێ ن بە دەمیانەوە، وە تـ رسێنەریش بـ ن بۆ ئەوانەی پێچەوانەیان ئەکەن و، وە کلیلی بانگەوازەکەیان، وە سەرگوڵ و پوختەی بانگەوازەکەیانی کردۆتە ناسینی پەرستراوو بە ناوو سیفات و کارەکانیەوە سبحانەوتعالی، چونکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە سەر ئەم زانین و مەعریفەیە هەموو داواکاریەکانی پەیامەکە دێنە جێ و دروست دەبن، پاشان بە دوای ئەمەدا دوو بنەمای گەورە دێن:

یەکەمیان: نا سینی ئەو ڕێگایانەی ئەگەن پ ێی، کە ئەو یش شەریعەت وبەرنامەکەیە تی کە فەرمان و قەدەغەو یاساغ کراوەکانی لە خۆ ئەگرێ.

دووەمیان: نا سینی ڕێگەبەرا نی بەوەی کە چی خۆ شی و شادی و مانەوەیەکیان هە یە پاش گەیشتنیان بەوێ.

جا شارەزاترین کەسێك بە خوا عزوجل شوێنکەوتوترینیانە بۆو ڕێگەیەی ئەگاتە لای خوا، وە شارەزاترینیان بە حاڵی سالکین ڕاگوزەران کاتی گەیشتنە لایەتی، لە بەر ئەوە خوا ئەوەی کە ناردویەتیە خوارێ بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ناوی ناوە ڕۆح و گیان، چونکە ژیانی ڕاستەقینە تەنها لە سەر ئەو بەندەو بەستراوە، نورو ڕۆشناییەکە کە هیدایەت و ڕێنموونی لە سەر وەستاوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾ [غافر:15] وە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحاً مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُوراً نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ * صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلا إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الْأُمُورُ﴾ [الشورى:52-53] جا هیچ گیان و ڕۆحێك نیە تەنها لەوەدا نە بێ کە پێغەمبە ر صلى الله عليه وسلم پ ێی هاتووە، وە هیچ ڕۆشناییەك نیە مە گە بەو ڕۆشنایی یە خ ۆی ڕوناك بکاتەوە، وە خوای گەورە ناوی ناوە شیفاو ساڕێژبوون و چارە سەر، دەفەرمو ێت: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدىً وَشِفَاءٌ﴾ [فصلت:44] جا قورئان هەرچەندە شیفاو هیدایەت و ڕێنموونیە بە ڕەهایی، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوانەی کە سوودمەندن پێی تەنها باوەڕدارانن، ئەوانی تایبەتمەند کردووە بە تەنها. ا.هـ].

شەرح و ڕاڤەکردن

دانەر ڕەحمە تی خوای لێ بێ پاش ئەوەی با سی گرنگی عیلم وزانیاری کرد بە خوای گەورە سبحانە وتعالی، هۆشداری و وریایی دا بە بنەمایەکی زۆر گەورە، کە سەرەتای لادان و تیاچوونی تاقم و کۆمەڵەکان بووە بە گشتی و ئاکامی بە سەرلێشواندن و تیاچوون و گومڕابوون کۆتاییان پێ هاتووە.

ئەویش کە: چۆنیەتی ناسینی خوای گەورەیە سبحانەوتعالی؟

شتێکی مەحاڵ و هەرنەبووە کە ژیری بە تەنها و بتوانێت پەی بە ناسین و پەی پێبردنی خوای گەورە بەرێت بە شێوەیەکی دورودرێژ، بەڵام ناسین و پەیبێردن و پێگەیشتن بە خوای گەورە بە شێوەیەکی کورت ئەوە لە فیترەو خۆرسکی مرۆڤدا هەیەو چێنراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي

﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا﴾ [الأعراف:172] {وه كاتێك كه پەروەردگارت پشتاو پشتی نەوەی ئادەمی کۆکردەوە (لە جیهانی پەنهان و شاراوەدا پەیمانی لێ وەرگرتن)و کردنی بە شایەت بە سەر خۆیانەوە (پێی فەرموون): ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! هەموو وتیان: نابێت تۆ پەروەردگاری ئێمە نەبێت،بەڵێ شایەتیمان داوە (کە تۆ پەروەردگارمانیت) }، خوای گەورە عەهدو پەیمانێکی فیتری و خوا پرسکی لە مرۆڤەکان وەرگرتووە بەوەی کە پەروەردگاریانەوە هەموو بە گشتی لە جیهانی پەنهاندا شایەتی ئەوەیان داوە و وەریان گرتووە: ﴿فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ﴾ [الروم:30] {ئەو فیترەو نەخشەیەی کە خوا مرۆڤی لە سەر ڕاهێناوەو نەخشەی بۆ کێشکاوە، هیچ گۆڕانکارییەك لە هیچ نەخشەوە دورستکراوێکی خوادا نیە } بەم زووانە باسەکەی دێتە پێشمان فیترە هەموو کات لە مرۆڤەکاندا هەیە بەڵام بە شێوەیەکی دورودرێژ باسمان بۆ ناکات لە چۆنیەتی ناسینی خوای پەروەردگار، بەڵکو چۆنیەتی ناسینی پەروەردگار بە شێوەیەکی تەواوو دورو درێژو گرتنی هەموو گومان و تێ نەگەشتنێك تەنها لە ڕێگەی (وحی)یەوە پێمان دەگات و تاکە سەرچاوەمان لە ناسینی زات و سیفاتی پەروەردگارمان (وحی)یە.

بەڵام ژیری و بیروهۆشەکان ناتوانن بە تەنها پەی بە ناسینی زاتی خوای گەورە ببەن، هەر بۆیەش هەموو ئەو تاقمە - فرق- ئیسلامیانەی شوێن بیرو ڕای کەسانی بە دۆگۆو درۆو بوختان هەڵبەست کەوتن لە پێناسە و ناسینی خوای پەروەردگاردا هەموویان توشی پەرتەوازەیی و بێ سەروبەری و ڕاپێچەوانەیی بوون و بوونە چەندەها کۆمەڵ و تاقم و سەریان لێ شێواو.

خوای گەورە سبحانه وتعالی فەرمانی پێ داوین کە شوێن بەڵگەی شەرعی و وەحی بکەوین: ﴿قُلْ إِنَّمَا أُنْذِرُكُمْ بِالْوَحْيِ﴾ [الأنبياء:45]{بڵێ من تەنها لە ڕێگەی وەحیەوە بێدارتان ئەکەمەوە } تر ساندن و بێدارکردنەوە و ئاگادار کردنەوەی پێغەمبەر صلى‌الله عليه وسلم لە ڕێگەی وەحی و نیگاوە یە، هەر ئەمەشە کە خوای گەورە ئێمەی پێ جیا کردۆتەوەو ڕێزداری کردووین، پاشانیش خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ [الحجر:9] { بە ڕاستی ئێمە ئەم وەحیەمان (کە قورئانە) هێناوە تە خوارەوە و هەر ئێمەش ئەیپارێزین } کەوا تە وەحی پارێزراوو بێ لەکەو دەست لێ نەدراوە، پێویستە لە سەرمان کە هەست بەو نیعمەت و ڕێزە بکەین کە خوای گەورە پێی داوین و نەگەرێین بە دوای سەرچاوەیەکی دیکەی جگە لە وەحی، ئەنا توشی گومرایی و سەرلێشێواوی و بێ بڕیاری و ڕاڕایی دەبین هەروەك چۆن ئەوانە کە لە پەیڕەوی (پێشینە چاکەکان) لایاندا سەریان لێ شێواو تیاچوون.

نهاية إقدام العقول عقـــــال وغاية سعي العالمين ضلال

ولم نستفد من بحثنا طول عمرنا سوى أن جمعنا فيه قيل وقالوا

ئەم هۆنراوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ هەرچەندە شارەزاو تێگەیشتوو بێت، بەڵام کاتێ لە ڕێگەی دروست و پەیڕەوی سەلەف لایدا تووشی سەرلێشێواوی و ڕێ لێ ون بوون ئەبێت.
هەر کەس بە ڕێگەیەك جگە لە ڕێگەی پێشینە چاکەکاندا ڕۆشت، ئەبینین کە زۆر شت لە خۆی کۆئەکاتەوە، قسە ئەهێنێت و ئەیبات و وەڵامی ئەم ئەو ئەنوسێتەوە، داناکان وایان وت، فەیلەسووفەکان ڕایان وابوو، فلان وای وت، فلان وا پەرچی دایەوە و بەڵگەی فلانی نەهێشت، ئیتر بەم شێوەیە بێ کۆتایی و گەیشتن بە دەرەنجامێك.

ئیتر بە هیچ شێوەیەك ناگاتە دڵنیایی؛ چونکە ئەم ئاینە تەنها بە عەقڵ و ژیری پەی پێ نابرێت و بەس، تەنها تێگەشتن و بیرۆهۆش ناتوانێ دەرکی بکەن وپەی پێ بەرن، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بوایەو هەموو شتێکمان لە ڕێگەی ژیری وبیروهۆ شی خۆمانەوە پەی پێ ببردایەوە و ئەوەندەمان بەس بوایە کە تەنها پشت بە ژیری خۆمان ببەستین ئەوە پێویستی نەئەکرد کە خوا پێغەمبەرا سەلامیان لێبێ بنێرێت و خوا بە خەڵکی بناسێنن.

پێویستی خەڵکی بە پێغەمبەران

خوای گەورە سبحانە وتعالی پێغەمبەرا نی ناردووە تا کو تەوحیدو یەکتاپەر ستی بۆ خە ڵکی ڕوون بکەنەوە، کلیلی بانگەوازی پێغەمبەران و یەکەم شتێك کە خەڵکیان بو بانگ کردووە بریتی بووە لە ناسین و یەکتاپەر ستی خوای گەورە لە ناوو سیفات و کردارەکانیدا، ئەوەی کە لە سەر بەندە پێویە ستە لە جۆرەکانی گۆڕایەڵی و بەندایەتیکردن، ئیتر عەقڵ و ژیری سەربەخۆ ناتوانێت ئەمانە بزانێت و پەییان پێ بەرێت و بەرنامەیەکی دروست دابنێ، بەڵگەکانیش لەم ڕووەوە زیاترن لەوەی کە کورت بکرێنەوە.

لە ڕۆژگاری یونانەکاندا کۆمەڵە تێورێ کی ژیری بێ ئایین هەبوون، جا کات ێك ئەو فەیلە سووفانەی دراونەتە پاڵ ئیسلام وەك (ئیبن سینا) و (ئیبن رشد) و (فارابي) و (كيندي) هاتن و ئەم تێورانەیان خستە ژێر ڕەخنەو زۆێکیان لێ پوچەڵ کردنەوە، وە هەندێ شتی تریان بۆ زیاد کردن کە بە بەراورد بە ناڕاستی و بیردۆزە پوچەکانی ئەوان ڕاست و دروست بوون.

ئینجا لە سەدەی شازدە یان حەڤدە ڕاپەڕینی ئەوروپی یان چاخی ڕۆشنگەری –وەك ناویان لێ ناوە- هات و لە گەڵیدا کۆمەڵە تێورێ کی نوێ دەرکەو تن و سەریان هەڵدا، لەوانەش تێورە کۆنەکا نی (ئەر ستۆ) و (ئەفلاتون)و ئەو زیادکراوانەش کە فەیلە سووفە بە ناو ئیسلامیەکان خ ستبویانە سەری و بۆیان زیاد کردبوو.

پاشان سەدەی نۆزدە هات و ئەو تیۆرانەی لە گەڵ خ ۆی هێ نا کە پێیان ئەوتر ێت تێورو مەزهە بە دانراوەکان (المذاهب الوضعية)، وە لە سەدەی بیستەمیشدا کۆمەڵە تێورێکی تازەترو بێ باوەڕتر هاتن و پەیدا بوون، سبحان الله!!

هەروەك هەندێ لە پێ شین ڕەحمە تی خوایان لێ بێت فەرمویا نە: " من جعل دينه عرضة للهوى أكثر التقل"رواه اللالكائي (128/1)، والدارمي (103/1) (305) عن عمر بن عبد العزيز. "هەرکەس ئاینەکەی بکاتە جێی هەواو ئارەزوو ئەوا زۆر جێگۆڕکێ ئەکات".

فەرموودەی خوامان بەسە کەدەفەرموێت: ﴿مَا أَشْهَدْتُهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنْفُسِهِمْ وَمَا كُنْتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُدًا﴾ [الكهف:51] { من لە درو ستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ئاگادارم نەکردونەتەوەو نەمگرتوون بە شایەت، بگرە لە دروستکردنی خۆشیان ئاگادار نین، بە ڕاستی من ئەوانەی خەڵك گومڕا دەکەن هەرگیز نەمکردوون بە یارمەتی دەری خۆم و پشتم پێ نەبەستوون } جا هەچ تێورێکی مادی بێ بنچینە قسە لە سەر پەنهان و نادیارەکان و درو ستکردنی بونەوەر بکات، یان شتان ێك کە پەیوەندیان بە خوای گەورەوە هە یە سبحانەوتعالی، یان درو ستبوونی مرۆڤ لەم سەر زەویەدا، وە چۆن هاتۆ تە بوون؟ وە بۆ چی هاتووە؟! ئەوە ناڕەوایەو کە سانێك هەڵیانبە ستووە کە گومڕاکەرن و لەوانەن کە خوای گەورە نەیکردو نە شایەت لە درو ستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا، ئاگاداری نەکردون لە دو ستکردنی خۆیان نەخوازەڵا بەشداریان پێ بکات تێیدا، جا ئەوانە گومڕاو سەر لێ شێواون، نەوەی مرۆڤایەتیان بەرەو هەڵدێرو تیاچوون بردووەو لە پێشدا ئایە نە کۆنەکانیان شێواندو شوێنکەوتوانیان و ێڵ و سەرگەردان کرد، پاشانیش لە دوایدا ئەهلی ئیسلامیان لە ڕێ لاداو سەریان لێ شێواندن.

وە ناویشیان لێ ناەن ێن (فەیلە سووف)و داناو زا نا، خاوەن ژێری گەورەو بە توا نا، بەڵام ئەوا نە هە یچ توانایەکیان نیە لە زانین و پەی بردن بەو کارە غە یب و نادیارا نە تەنها مەگەر لە ڕێی نیگاو وەحیەوە نە بێ، وە ئەوەش کە مرۆڤ لە وە حی تێ ئەگات لەوەی کە پەیوەندی بە نا سینی خواوە هە یە سبحانەوتعالی ئەوە ژیری هیچ کارێکی بە سەریەوە نیەو تا کە ڕێگە بۆ تێگەیشتن و دڵنیابوون تەنها (وحی)یەو بەس.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بەشەکانی ترەوە هەیە کە پێیان ئەوترێت (الفروع) ئەوە بواری بە کاری هێنانی ژیری مرۆڤەو بیرو هۆش کاری تیا ئەکات، چونکە خوای گەورە ئەم قورئانەی بۆیە ناردۆتە خوارەوە تاکو

بیری لێ بکەینەوەو تێی بگەین و دەستوور فەرمانی لێ هەڵێنجین، هەروەها زانست و زانیاریە دنیاییەکان، خوای گەورە ئەوانەی داوەتە دەستی ژیری مرۆڤ خۆی و ڕێی پێ داوەو دەرگای بۆ کردۆتەوە تاکو بە پەرۆشەوە کار بکات و هەوڵ بدات و کۆشش بکات و فێر ببێت.

بەڵام ئەوەش کە ناو ئەبرێت بە زانیاریە مرۆییەکان (النظريات الأنسانية) یان تێوریە بونەوەریەکان (النظريات الكونية) ئەوە نابێت بۆ مسوڵمان کە پشتیان پێ ببەستێت و بڕوایان پێ بێنێت.

بنەماکانی زانستی تەواو

بنەماکان سیانن:

ناسینی خوا سبحانە وتعالی.

وە ناسینی ئەو ڕێگەیەی کە ئەتگەیەنێتە خوا سبحانەوتعالی.

وە زانینی پاشەڕۆژو چارەنووسی کەسێك کە گۆێڕایەڵی ئەکات و ئەوەش کە سەرپێچی ئەکات، وە ئەمەش بنەمای زانین و شارەزا بوونە بە دواڕۆژ.

جا بنە ما سەرەکیەکانی زان ست و مەعریفەت ئەم سێ خاڵە یان ئەم سێ بەشەی لە خ ۆی گرتووە، وە یەکەمیان و گەروەترینیشیان ناسینی خوای پەروەردگارە سبحانەوتعالی.

سوودێك لە سەر وشەی زانیاری و شارەزایی وناسین (المعرفة).

هەندێ کەس ئینکاری لە وشەی مەعریفە ئەکەن و باوەڕیان پێی نیە، ئەڵێن لە بەر ئەوەی کە (سۆفیەکان) بە کاری دێنن و لە زارەاوەو بە کار هێنانی ئەوانە، ئەوانە (واتە سۆفیەکان) کەسێك گەشتبێتە پلەیەك پێی ئەڵێن شارەزا "العارف"، وە ئەم زاراوەیە نامۆیە بە ئیسلام.

بەڵام خۆ نا سین و مەعریفە تی خوا نا مۆ نیە؛ بە ڵکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە لە یە کێك لە ڕیوایەتەکاندا لە فەرموودەی (مەعاذی کوڕی جەبەل) خوا لـ ێی ڕازیبێ، کات ێك پێغەمبەر صلى‌الله ع لیە و سلم ئەینێر ێت بۆ یەمەن و پێی ئەفەرمو ێت: {فإذا هم عرفوا الله فأنبئ هم أن الله افترض عليهم خ مس صلوات} إحدى روايات حديث معاذ المشهور عندما بعثه إلى اليمن رواها البخاري (1389)، ومسلم (19) عن ابن عباس. { جا ئەگەر ئەوانە خوایان ناسی ئەوە هەواڵیان پێ بدە کە خوا پێنج نوێژی لە سەر داناوون } مەبە ست ئەوە یە کە ئەم وتە یە لە خودی خۆیدا هـ یچ تەم و مژێ کی لە سەر نیە، بەڵام هەڵە کە لە بەکاربرد نی وشەی (العارف)ە لەو زاراوەی لای سۆفیەکان بە کار دەهێنرێت، چونکە پلەکان لای ئێمە بەم شێوەیەیە: مسوڵمان (مسلم)، پاشان ئیماندار (مؤمن)، پاشان چاکەکار (محسن).

وە چە ند سیفاتێکی تر یش هەن وەك: پارێزکاران (المتقون)، سەرفرازان (المفلحون)، براوەکان(الفائزون) هەتا کۆتایی ئەو وەسفانەی کە هاتوون، بەڵام هیچیان ئەوەیان تیا نیە بڵێ (العارفون).

کەواتە ناسین و مەعیرفەتی خوای گەورە بنەماو بنچینەی یەکەمە لە بنەماکانی ناسین و مەعیرفە، پاشان زانین و شارەزا بوونی ئەو ڕێگەیەی کە بەرەو ناسینی خوات ئەبات ئەویش کە گەیشتەنە بەڕەزامەندی و

گوێڕایەڵی خوای گەورە کە کردۆك و حەقیقەتی شەریعەتە، وە هەروەها نا سین و شارەزا بوونی حەڵاڵ و حەرام.

یەکەمجار: تەوحیدو یەکخواناسی فێر دەبین و دەیزانین.

ئینجا دووەم دوای ئەو: فیقە و شەریعەت و وردبونەوەواتە ناسینی حەڵاڵ و حەرام-.

ئینجا دوای ئەوە: چارەنوس و پاشەڕۆژمان بەرەو کۆی دەڕوات و هەنگاوەکانی ژیانمان بەرەو کوێمان دەبەن، بەوەش هەواڵی دواڕۆژو ئەوەی پەیوەندی بە دواڕۆژەوە هەبێت ئاگاداری ئەبین، حاڵمان لە کاتی مردن و دوای مردن بە کوێ ئەگات، حاڵمان لە دوا ڕۆژدا چی بەسەر دێت و بە چ ئاکام و دەرەنجامێك ئەگەین.

هەر کەسێك ئەم سێ پێویستەی زانی، ئەوا ئەوەندەی کە پێویستە و هەر دەبێت و زەرورە بیزانێ لە ئاینەکەی زانیویەتی، ئەمە هەرچەندەوا تەنا سینی هەواڵەکانی دواڕۆژو ئەوەی پەیوەندی پێوەی هەیە-بەندایەتیەك نیە کە بە کردەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام پێویستە کە بیروباوەڕمان لە سەری سەقامگیر ببێت و باوەڕی تەواومان پێی جێگیر ببێت.

فەرموودی دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێ کە دەفەرموێت: ولهذا سمى الله... إلخ.

ئامازە کە لێرەدا "ولهذا" ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە کە، مەبەستیش لە هۆکارە کە سەلماندی ئەوە یە کە ژیریەکان (العقول) ناتوانن سەربەخۆ ڕێگەی خوانا سی بگرنە بەرو هەر دە بێ شوێنکەوتەی شەرع بن، لە بەر ئەوە شە خوای گەورە ئەوەی ناردوویەتە یە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ناوی ناوە گیان (روح)، وە ناوی ناوە ڕوناکی و نوور، وە ناوی ناوە شیفاو سارێژکەر.